# جینۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە گەلی کورد

شادی غازی

## بەشی یەکەم: جینۆساید وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی

### باسی یەکەم: یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی و دادگاکانی

### یەکەم: یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی:

یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەو یاسایەیە کە پێکهاتووە لە کاری دەوڵەتان و سزادانی تاوانبار لە کاتی تاوانەکەدا، واتە یاسایەکی نێودەوڵەتییە دەبێت بەکاربێت لەسنوری ڕوداوی تاوانکاری نێودەوڵەتی.

گیروگرفتەکانی ململانێی یاساکانی تاوانکاری پێشوو بە پێی شوێن بارێکی سەپێنراوی لایەنێکی بیانی تێدا دەردەکەوێت، ئەگەر ئەم دەرکەوتنەی لایەنە بیانییەکە لەبواری پەیوەندییە تاکەکانەوە بێت، ئەوا لەبنەما یاساییەکانی کە فەرمانڕەوایی دەکات یاسایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتی دێتە ئاراوە و ئەگەر ئەم دەرکەوتنەی لایەنە بیانییەکە لەبواری پەیوەندییەوە بێت کە لە نێوان وڵاتەکاندایە، ئەوا بنەما یاساییەکانی کە فەرمانڕەوایی دەکات دەبێت بە یاسایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتی و لەم بوارەدا لایەنە بیانییەکە لە ئاستی پەیوەندی نێودەوڵەتیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت. لەیاسای نێودەوڵەتیدا بۆ ئەوەی هەر واقیعەک بە تاوان لە قەڵەم بدرێ و سزای لەبەرامبەردا

دیاری بکرێ یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی دەخوازێ کە پرۆسەیەکی ئیداری بێ و لە یاسادا وەک واقیعەیەکی قەدەغەکراو سەرپێچی کراو ئاماژەی پێکرابێت هەروەک چۆن پێویستە بکەرێکی دیاری هەبێت و سزای لەبەرامبەردا دیاری کرابێت.

هەر بۆیە لە یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتیدا هەمیشە وا دەکات لەو کەسە کە بەرپرس بێت لەو تاوانەی کە کردویەتی، مەرج نییە لەو بازنەیەدا بمێنێتەوە کە تاوانەکەی تێدا کردووە جاری وا هەیە دەردەچێتە دەرەوە بەمەش بە پێی یاسا سزای بەسەردا دەسەپێنرێت.

دووەم: دادگاکانی تاوانکاری نێودەوڵەتی

بەشێوەیەکی گشتی چەند دادگایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتی دانراون بۆ ئەوانەی کە تاوانی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدەن کە ئەوانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

## ١. دادگاکانی تاوانکاری نێودەوڵەتی لە یوگسلافیا.

تاقیکردنەوەیەکی زانستی بوو بۆ دارشتنی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی کە بنەما یاساییەکان و پێشینە دادوەرییەکانی پێش خست و دەوڵەتانی لە ناکۆکی چەکداری نا نێودەوڵەتییەوە گواستەوە بۆ لێپرسراوێتی، لەمەوە رون بووەوە کە یارمەتی دەوڵەتان پێویستە بۆ لێکۆڵینەوەو گرتنی تاوانباران .

لەبەرواری ٢٢/ فێبرایەری ١٩٩٣ ز، ئەنجومەنی ئاسایش بریاری ژمارە ٩٣/٨٠٨ م دەرکرد بۆ پێکهێنانی دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتی بۆ دادگاکردنی ئەو کەسە تاوانبارانەی کە پێشێلکاری ترسناکیان بەرامبەر بە مافی مرۆڤ کردووە لە یوگسلافیای پێشوو لە ساڵی ١٩٩١ز ئەم بڕیارە بە یەکەمین بڕیار دەژمێردرێت لە دوای دادگاییەکانی نۆرمبێرگ لە ساڵی ١٩٤٥ز تۆکیۆ ساڵی ١٩٤٦ز لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم . قانونی سزا گەلـی یوگسلافیای فیدراڵی جاران لەماددەکانی (١٤٢،١٤٣،١٤٦، ١٤٨،١٥٤)

دا سزای بۆ پێشێلکاری زل دەرهەق بە رێکەوتننامەکانی ساڵی ١٩٤٩ ی جنێف بەتایبەتی رێکەوتننامەی چوارەم داناوە و تاوانی دیکەشی خستووەتە پاڵیان.

## ٢. دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی لەرواندا.

دادگای رواندا، بەدووەم دادگا دادەنرێت لە دادگاییکردنی تاوانەکان کە نەتەوە

یەگرتووەکان دایانمەزراندووە لە ڕێگەی کۆنگرەی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، ئەم دادگایە ئەرکەکانی وەکو ئەرکی دادگای نێودەوڵەتی یوگسلافیای پێشووە. ڕابردوویەکی زۆر گرنگی پێکهێناوە لە دامەزراندنی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها تاقیکردنەوەیەکی گرنگی پێکهێناوە لە سزادانی سەرپێچی یاسایی مرۆڤی جیهانی لە ئاستی جیهاندا بە چاوپۆشین لەو شوێنەی کە تاوانەکانی تێدا کراوە ، هەروەها پێشینەی دادگاییەکان پێشکەوت لە بواری تاوانی کۆمەڵکوژی، توانی دادگایی گەورە لێپرسراوەکان بکات لەنێوانیاندا سەرۆکی وەزیران.

## ٣. دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی توانی چەند هەنگاوێکی گرنگ و بەربڵاو بنێت لەبارەی بڕیاردانی دامەزراندنی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی خاوەن تایبەتمەندیەکی بەربڵاو بۆ هەموو ئەوانەی تاوانی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدەن.

ئەم دادگایە واژۆکرا هەتاوەکو ٢٠٠٠/١٢/٣١ ماوەی کۆتایی بوو بۆ وەرگرتنی واژۆکان، ١٣٩ دەوڵەت لەسەر پەیماننامەی ڕۆما (١٩٩٨)، بە ئامانجی داڕشتنی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی، پشت ڕاستکرایەوە لە بەرواری ١٢ شوباتی ٢٠٠١ هیچ دەوڵەتیکی عەرەبی واژۆی نەکرد، دوای تێپەڕبوونی (٦٠) ڕۆژ کە (٦٠)، دەوڵەت واژۆیان کرد، ڕێکەوتنامەکە ئامادەی بەکارهێنان بوو. بارەگای دادگاکە لە لاهایە لە هۆڵەندا.

واژۆکردن لەسەر ڕێکەوتنی ڕۆما بۆ پێکهێنانی دادگایەکی تاوانکاری نێودەوڵەتی هاندەرێکی باش بوو، کە پشتگیریەکی فراوانی بۆ ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە هەیە هەر بۆیە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی لەساڵی (٢٠٠٢) دامەزرا وەک یەکەمین دادگا دادەنرێت کە دەتوانێ ئەرکی دادگایی کردن سەبارەت بەتاوانی دژی مرۆڤایەتی یان تاوانی جەنگ بگرێتە ئەستۆ و دادگا کەسێک تۆمەتبار بکات.

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە تەواوکردنی پرۆسەی دادگاییەکان کە ناتوانێت بڕیارە دادگاییەکان جێبەجێ بکات کاتێک دادگاییە نیشتیمانییەکان بڕیاریان لەسەر نەبێت یان ویستی لەسەر نەبێت یان بێتوانایە بەرامبەر بە لێکۆڵینەوە یان بانگێشتکردن دژی ئەو ڕووداوانە. هەروەها توانای دادگایی کەم دەبێتەوە بەتێڕوانین لەو تاوانانە کە

کراون لەدوای ئەیلول/ تەموزی ساڵی ٢٠٠٢، کاتێک یاسای ڕۆمای دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە .

## باسی دووەم: تــاوانــە نێودەوڵەتییــەکــان

تاوانی نێودەوڵەتی (هەر دەست درێژییەک کە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بە جۆرێک سنوری هەرێم یاخود دەوڵەتەکان دەبەزێنێ و بەهۆی ئاسەوارەکانییەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەخاتە بەر مەترسیەکی گەورە) . تاوانە نێودەوڵەتییەکانیش چوار جۆرن:

یەکەم: تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی:

تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەو کردارانە لەخۆدەگرێت کە لەسەر ئاگاداری دوژمنایەتی زەق دژی کەسێکیان ئاراستەی کۆمەڵێک مرۆڤی دەستنیشان کراو دەکرێت .

ئەمەش لەبەندی (٦/ ج ) لە بنەما هەڵپێچراوەکانی دادگاییەکانی نۆرمبێرگدا هاتووە وەک کوشتنی خەڵکی باژێرڤانی و لەنێوبردنیان (هەر کارێکی نامرۆڤانە) و هەر چەوسانەوەیەک کە بە سەبەبی سیاسی و تایفەگەری و ئاینییەوە بێت بەمەرجێک ئەگەر تاوانکردنەکە بەرامبەر یەک کەس بێت، ئەوا دەبێت بەسیفەتی ئینتمای ئەو کەسەوە بێت بۆ گروپێکی بەشەڕی ئۆل تایبەتی و جیاواز .

ئەم تاوانانە لە بەرگی یەکەم لە کتێبی دووەم لە ژێر ناونیشانی (تاوان دژی مرۆڤایەتی) بابەتی (٥) لاپەڕە (٢١١ بۆ ٢١٣) هاتووە کەسێ بابەت لەخۆ دەگرێت.

یەکەم تاوانی لەناوبردنی ڕەگەزی. دووەم تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، سێیەمیان هەندێ یاسای گشتی لەخۆ دەگرێ.

کۆمەڵە بابەتێکی گشتی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی لە سیستەمی تایبەتی دادگای سەربازی نێودەوڵەتی لە

خۆدەگرێ لە (نورمبرگ) بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی جەنگی دووەمی جیهانی، پاشکۆی ڕێکەوتنی لەندەن لە ئۆگۆستی ساڵی ١٩٤٥ بەهۆی ئەم بابەتانەوە دادگای لەناوبردن و یاسای دەرچوو لە ٢٦ دیسەمبەری سالی ١٩٦٤ دژی تاوانەکانی مرۆڤایەتی دەرچوو .

بەپێی ماددەی (٥)ی پەیڕەوی ئەساسی دادگای نێودەوڵەتی دەسەڵاتی

دادگاییکردنی ئەو کەسانەی هەیە کە بەرپرسن لە (کوشتن، جینۆساید، کۆیلە، زیندانی کردن، ئەشکەنجەدان، چەوساندنەوە) لەبەر هۆکاری سیاسی یان ئاینی یان ئیتنی، کاروکردەوەی دیکەی نا ئینسانی دەرهەق بەخەڵکی سڤیل جا چ لە ململانێی چەکدارانە بە سروشتی نێودەوڵەتی ڕوبدات یان بەسروشتی ناوخۆ. ئەم تاوانانە جۆرە مەترسییەکی ڕێژەییان هەیە لە جغزو بازنەی نیشتمانی دەچنە دەرێ و سەر لەبەری مرۆڤایەتی دەگرنەوە و خۆیان لەو پاڵنەر و هۆکارانە لەو دیوی ئەنجامدانی ئەو تاوانانە هەن، دەبینێنەوە و وا دەکەن ئەم تاوانانە بە تاوانگەلی قانونی گشتی بژمێردرێن.

## دووەم: تـاوانـەکـانــی لـە نـاوبـردنــی بـە کـۆمــەڵ

بەوە پێناسە دەکرێت کە هەر کردەیەک لەو کردارانەی کە بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە بەشێک یان تەوای کۆمەڵە مرڤێک ئەنجام دەدرێت بە لە بەرچاوگرتنی ئاکارە نیشتمانی و ڕەگەزی و ئاینییەکان.

ئەمەش وەک کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵێک و هێرش و دەستدرێژی جەستەیی و سایکۆلۆژی بۆ سەریان، هەروەها خستنە ژێر باری گوزەرانێکی ئەوتۆی کۆمەڵێک کە بێتە هۆی قڕبوون و ئاسەواربڕانەوەی خڕ یا پشکێکیان گواستنەوەی مندڵان بەزۆرو زەبر لەکۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی دیکە.... هتد.

تەعبیری (لەناوبردن) وەرگیراوە لە وەرگێرانی وشەی (genocide) کە ئەمەش دروست بووە لە (genos) یۆنانی واتە مۆرکی مرڤایەتی، برگەی دووەم (ceder) بەواتای کوشتن و هەردوو بڕگەکە بەسەریەکەوە واتا کوشتنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی و بەشێوەیەکی گشتی واتای بێ سەروشوێنکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی ئەنجامدەرانی ئەم کارە مافی مرۆڤایەتیبوون ڕەت دەکەنەوە .

## سێ یەم: تاوانەکانی جەنگ:

جیاوازی زۆر هەیە بۆ پێناسەکردنی تاوانی جەنگ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە پێناسەی دادگای نۆرنبێرگ باشترین پێناسەیە کە بریتییە (لەو کردارانەی کە پێشێلی یاسا و زانیارییەکانی شەڕی نێودەوڵەتی دەکات).

ئەمەش بە مانای ئەو تاوانانەی کە لە جەنگدا دەکرێن وەک لە ناوبردنی موڵک و ماڵ و دەست بەسەراگرتنی، دوژمنایەتی و سەودا و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە لەگەڵ نەخۆش و بریندارو ئیخسیرەکانی شەڕ و تێکدانی دامەزراوە گشتییەکان و ڕفاندنی ئافرەتان و ناچارکردنیان بۆ ئیشی خراپ و ئابڕووبەر، مامەڵەکردنی خراپ لەگەڵ خەڵکی باژێرڤانی لە هەرێمێکی دیاریکراودا، ژەهراویکردنی ئاو، بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو کوشتنی بەکۆمەڵ و دزی و ڕاووڕوت لە موڵک وماڵی دەوڵەت و تێکدانی گوند و سەپاندنی باج و ڕسومی ناڕەوا و هەر گەورە کەتنێکی تر کە تخونی یاسای شەڕ و زەرورەتی سەربازی پێویست ببەزێنیت .

کە ڕەچەڵەکەکەی لەنەریتی نێودەوڵەتی ڕێکەوتنامەکانی لاهای سالی ١٨٩٩، ١٩٠٧ و لەچوار ڕێکەوتنامەی جنێفدایە کە لە ڕۆژی ١٢ ئابی ساڵی ١٩٤٩ دا ئیمزا کراوە ئەوانیش:

١. ڕێکەوتنامەی جنێف، سەبارەت بەمامەڵەکردنی دیلەکانی جەنگ

٢. ڕێکەتنامەی جنێف، سەبارەت بەباری برینداران و نەخۆش و خنکاوەکانی هێزە چەکدارەکان لەدەریاکاندا.

٣. ڕێکەوتنامەی جنیف، سەبارەت بەمامەڵەکردنی دیلەکانی جەنگ.

٤. ڕێکەوتنامەی جنیف، سەبارەت بەپاراستنی کەسانی مەدەنی، لەکاتی جەنگدا.

ئەم چوار ڕێکەوتنامەیە تاوانە مەترسیدارەکان (پێشێلکاریە) گەورەکانی لەخۆ گرتوو ئەو دەوڵەتانەی ڕێکەوتنامەکانیشیان ئیمزاکردووە پابەند دەبن بە تاوانبارکردنی و بەڵێنیانداوە کە سزای گونجاو لە بواری یاسا دانانیاندا بۆ ئەو مەسەلەیە دابنێن.

## چوارەم: تاوانکاری دوژمنکاری

ئەوەی پەیوەندی بە تاوانەوە بێت دیاری نەکراوە کە شێوەو جۆری لە یاسای سەرەکی دادگایی وەک تاوانەکانی تر، لەبەر ئەوەی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی تایبەتەکانی خۆی بەرامبەر بەم تاوانانە بەکاردێنێت و بریار لەسەر پێناسی دوژمنکاری دەدرێت و ئەو بەندانە کە پەیوەستن بۆ بەکارهێنانی دادگا بۆ ئەم بوارە .

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەگرتووەکان بەبێ هیچ بەربەستێک لە ١٩٧٤/١٢/١٤ دا ڕێکەوت لەسەر پرۆژەی پێناسەکرنی دوژمنکاری و لیژنەیەکی تایبەت هەستا بەم بڕیارە کە پێکهێنرابوو بۆ ئەم مەبەستە بەبڕیاری (٢٣٣٠) لەبەرواری ١٩٦٧/١٢/١٨.

کۆمەڵگەی گشتی پێناسەی دوژمنکاری کرد بەوەی: کە بەکارهێنانی هێزی چەکداری لەلایەن دەوڵەتێکەوە دژی سەروەری و یەکپارچەی خاکی هەرێمی یان سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتێکی تر، یان بە هەر ڕێگەیەک بێت کە لەگەڵ بەڵگەنامەی نەتەوە یەگرتووەکاندا یەک ناگرێتەوە.

ئەنجومەنی ئاسایش ئەم پێناسەیەی ئاراستە کرد هەرکاتێک پێویست بکات بۆ دیاریکردنی هەر کارێکی دوژمنکاری.

ئەم بڕیارەی نەتەوەیەگرتووەکان بە ڕەزامەندییان لەسەر پێناسەی دوژمنکاری بە ڕووداوێکی مێژووی گرنگ دادەنرێت.

## باسی سێیەم: پرسە گشتییەکان دەربارەی جینۆساید

پرەنسیپە گشتییەکان دەربارەی جینۆساید دەکەین بەسێ بەشی سەرەکیەوە وەک:

### یەکەم: پێناسەی جینۆساید

جینۆساید گەورەترین کارەساتی ترسناک بوو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە زۆرترین زیانی بە مرۆڤایەتی گەیاند، یەکەمین کەس کە ئەم زاراوەیەی چەسپاند و جێگیری کرد (Raphael Lemkin) رافایل لیمکین بوو کە بە ئەسڵ پۆلۆنی بە ڕەگەزنامە ئەمەریکایی بوو، لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە پلەی ڕاوێژکاری وەزارەتی جەنگی ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمەریکای پێ بەخشرا بوو، ڕەنگە ئەوەی زیاتر وای لێ کردبێت کە بیر لەو زاراوەیە بکاتەوە و بە شای تاوانەکان یان تاوانی تاوانەکانی بزانیت (بەدەر لەوەی کە بۆ خۆی شارەزاییەکی ئەم بوارە بووە) کە خانەوادەکەی دوای ئەوەی کە کەوتونەتە دەستی نازیەکان قەتل و عام کراون .

جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی، بۆیە وەکو تاوانێکی نێونەتەوەیی لە یاسای نێودەڵەتاندا بەمانای فەوتاندنی بەشێکی یان سەرجەم کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراوە .

جینۆساید وشەیەکی لێکدراوی گریکییە لە دوو بڕگە پێکهاتووە: (Genos) کە بەواتای ڕەگەز یان بنەچە دێت و بەشەکەی تریش (Cide)، یان (Caedere)ی لاتینییە،

کەواتای کوشتن و لەناوبردن دەگەیەنێت، بەلێکدانی هەردوو بڕگەکە واتای کوشتنی ڕەگەزی مروڤ دەگەیەنێت، بەشێوەیەکی گشتی چەمکی جینۆساید کوشتنی بەکۆمەڵ یان قڕکردنی نەتەوە دەگەیەنێت .

ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەگرتووەکان لەبڕیاری ۹٦ی ١٩٤٦/١٢/١١ دا رایگەیاند کە جینۆساید تاوانێکە دەرهەق بەمافی جیهانی و بەپێچەوانەی گیان و ئامانجی نەتەوە یەگرتووەکانەو لەلایەن دونیای پێشکەوتووەوە ئیدانە کراوە.

ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەو پەیماننامەی ساڵی ١٩٤٨ دەرچوو کە تـــــایبەت بـــوو بە قەدەغەکردنی تاوانی ڕەشەکوژی (جینۆساید) و سزا خستنەسەر ئەو تاوانبارانەی کە بەو تاوانە هەڵدەستن، جینۆساید بەواتای (لەناوبردنی بە ئەنقەستی، هەموو یان بەشێکـــــی، کەمایەتیەکی ڕەگەزی، ئاینی، تایفەیی، ئیتینکی یان سیاسی، لە لایەن حکومەتێکەوە یان دامودەزگا و پیاوەکانیەوە و هەر تەنها کوشتنی بەکۆمەڵ ناگرێتەوە، بەڵکو برسیکردن، بە زۆر ڕاگوێزان و دەست بەسەراگرتنی سیاسی و ئابوری و بـــــایەلۆژیش دەگـــــرێتەوە.

دکتور ئەحمەد زەکی دەڵێت: جینۆساید، لەناوبردنێکی بەنقەستی کۆمەڵێکـــی نەتەوەیی، رەگەزی، یان کۆمەڵەیەکی ئایینی یان رامیاریە، زۆرجار لەکاتی جەنگدا پیادە دەکـــرێ، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە بەهۆی تاوانی فاشیستەکانەوە لـــە یاسایی تـــازەی دەوڵەتاندا ئەو پرەنسیپە بە تەواوی جێگیر بوو، کە جینۆساید تاوانێکی دڕندانەیە لـــەدژی مرۆڤایەتی، بۆیە نەک هەر وڵاتی تاوانکار، بەڵکو ئەو کەسانەش کە بە ئەنجامدانی جینۆســـاید تاوانبار دەکرێن لێپرسینەوەی یاسایی نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆیان، کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەگرتووەکان پشت بە بەندی شەشەمـــی دەستوری دادگـــــایی نۆرنبێرگ دەبەستێ، کە جینۆساید واتە ڕەتکردنەوەی مـــافی بوونی سەرجەمی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی، هەروەکو چۆن فەوتاندنی مرۆڤ نیشانەی رەتکـردنەوەی مـــــافی بوونی ژیـــــانە و ئەوەش ڕەفزکردنەوەی دانپێدانانە بەمافی بوون، سوکایەتی کردنە بـــە سەرجەمی مرۆڤـــــایەتی ژیانێکـــی قەرەنەبوو دروست و لـــــەدژی یـــــاسای ڕەوشت و نـــــاوەڕۆک و مەبەستی نەتەوەیەگرتووەکان ڕادەوەستی .

شایانی باسە، کە بنەماکانی مەحکومکردنی جینۆساید وەکو تاوانێکی دڕندانە لەدژی

مرۆڤایەتی، خەسڵەتێکی باڵایان هەیە (Juscogncy) هەر بۆیە بەسەر ئەو وڵاتانەشدا دەکرێتە مەرج (دەسەپێنرێ) کە بەشدار نین لە پەیماننامەی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکاری ١٩٦٨ ی نەتەوەیەگرتووەکان، لەو بارەیەشەوە پشتگیری رای یاساناس (یوئە. ریشتەیف) دەکەین کە پێیوایە بەرهەڵستی کردنی تاوانی جینۆساید لە بنەما باڵاکانی یاسای نێودەوڵەتانە و سەرچاوە هەڵدەگری، کە مەرجە بۆ هەمو وڵاتێک، بەبێ ڕەچاوکردنی جینۆساید و سزا خستنەسەر تاوانکاری ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکەوتننامەکە مۆرکراوە، زۆربەی دەوڵەتان پابەندی ناوەڕۆک و ئەحکامەکانی نین، عێراق لە ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٥٩ چووە ڕیزی ئەو دەوڵەتانەی ڕێکەوتنامەی جینۆسایدیان مۆرکردووە، ئەوەی کەوا کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەگرتووەکان لە ١٩٤٨ دا پەسەندی کردبوو، کەچی حکومەتی عێراق لەنێوان ١٩٨٧ و سەرەتای ١٩٨٩ دا بە ئاشکرا جینۆسایدی دژی میللەتی کورد ئەنجامدا، بـێئەوەی هیچ ناڕازیبونێک نیشان بدات.

جینۆساید تەنها فەوتاندنی فیزیکی کۆمەلە خەڵکێکی نەتەوەیی، ئینتینکی، رەگەزی یان ئاینی نییە، بەڵکو جینۆساید چەند جۆریکە:

١. جینۆسایدی فیزیکی (بەدەنی): کوشتن: هەر شێوازێک و جۆرێک بێت، ئیعدام کردن، گوللەباران کردن، هێرشی سەربازی و رەشەکوژی و بەکارهێنانی چەکی قرکردن وەکو کیمیایی و فۆسفۆری و ژەهر..... هتد

٢. جینۆساید بایولۆژی: بەربەستکردنی هەر کۆمەلە مرۆڤێک لە پێشکەوتن و زیادبوون وەک بەربەستکردنی منالبوون یان لە یەکدابڕینی پیاو و ئافرەت دابەشکردنی کەسانی خێزانی.

٣. جینۆسایدی کولتوری نەتەوەیی:وەکو قەدەغەکردنی زمان و رۆشنبیری و شێواندنی مێژوو، فەوتاندنی تایبەتمەندی نەتەوەیی نەهێشتنی یەکیتی، هاوبەشی نێوان خەڵک و وێرانکردنی شوینەوارە دێرینەکان.

٤. جینۆسایدی ئابووری یان (وێرانکردنی ئابووری ):واتە وێرانکردنی سامان و سروشت و بەروبومی ناوچەکان و تاڵانکردن و فەرهودکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی، هەروەها گەمارۆی ئابووری بەمەبەستی برسیکردنی خەڵک .

بەپێی مادەی (٢) رێکەوتننامەی جینۆساید، مەبەست لە جینۆساید هەر کارێکە لەو

کارانەی خوارەوە کە بە مەبەستی لە ناوبردنی بەشێک یان سەرجەم کۆمەڵگەیەکی هاونیشتمانی یان ڕەگەزی یان ئاینی ئەنجام دەدرێت و بریتین لە:

ا. کوشتنی چەند تاکێکی ئەم کۆمەڵانە.

ب. زیان گەیاندنی جەستەیی یان عەقڵی زۆر توند بە تاکەکانی ئەم کومەڵانە.

ج. ناچارکردنی ئەمجۆرە کۆمەڵانە بۆ ئەوەی لە بارودۆخی ژیانێکی وادا بژین کە مەبەست ئامادەکردنیان بێ بۆ لەناوبردنی جەستەی تەواو یان بەشێک لەجەستەیان.

د. سەپاندنی کۆمەڵێ کرداری ئەوتۆ کە مەبەست لێیان قەدەغەکردنی زاوزێ کردنی ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیە بێ بەمجۆرە ئەم مادەیە تاوانی جینۆساید لەمیانەی ژمارەی ئەو کارانەی بەهۆی ئەم تاوانەوە ئەنجام دەدرێت و لەرێگای ئاشکراکردنی مەبەستی ئەو تاوانبارێتیەیە پێویستە بۆ ئەنجامدانی، لەمادەی سەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێ کە پێناسەیەکیووردی تاوانەکە دەکات.

بێ لەوەش بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لەپەیماننامەی ساڵی ١٩٧٧ تایبەتکراو بە قەدەغەکردنی ئامرازی جەنگ و ئەو ئامرازانەی کەزیان بە سروشت دەگەیەنن. کەتاوانی فەوتاندنی ژینگە بە تاوانێکی نێونەتەوەیی دیاری دەکات. دیارە فەوتاندنی ژینگەش دەبێتە هۆی فەوتاندنیکی لەسەر خۆی مروڤ، چونکە شێواندنی ژینگەش دەبێتە هۆی (بیۆساید) واتـــــە:فەوتاندنی ژیـــــان، ئەوەش کاردەکـــــاتە سەر نەک هەر بـــــوونی مرۆڤ و ژیـــــانی لەو ناوچانەدا، بەڵکو بوونی هەموو گیانلەبەرێک و چۆنیەتی شێوەی ئاسایی سروشتیش، بۆیە جینۆساید لەیاسای تازەی نێودەوڵەتاندا وەکو تاوانێکی سەربەخۆ تایبەتمەندی جیاوازی هەیە لەگەڵ تاوانی دیکەدا دیاریکراوە، هەر بۆیەش لەتاوانی جینۆسایددا دوو پێکهاتە زۆر گرنگن کە دەبێ لە رووی مەبەست و ژمارەی قوربانییەوە سەیر بکرێ:

١. مەبەست: ئەم تاوانە جیاوازە لە تاوانی دیکە، چونکە مەبەستی سەرەکی جینۆساید فەوتاندنی بەشێک یان سەرجەمی کۆمەڵە مرۆڤێکە، جا مەبەستی نەهێشتنی کومەڵە مروڤێک یان بەشێکی یان سەرجەمی، خەسلەتێکی تایبەتی بە جینۆساید دەداو لە تاوانی تری جیادەکاتەوە.

٢. ژمارەی قوربانی:لەبەر ئەوەی کە جینۆساید، مەبەست فەوتاندنە، بۆیە ژمارەی

قوربانی لەبەرچاو ناگیرێ.

کەواتە هەبوونی پیشنیاز لە فەوتاندنی هەر کومەڵە مروڤێک بێت، ئیتر مەبەستەکە لە ئارادایە و ئەنجامدانی تاوانەکەش مەرج نییە قوربانی زۆری هەبێ، کەم و زۆر گرنگ نییە و لەبەرچاو ناگیرێ بۆ دیاریکردنی تاوانی جینۆساید و تاوانکارانی.

## دووەم: پوختەیەکی کورت دەربارەی مێژووی جینۆساید

بە ووردبوونەوە لە گەردوندا چەندین کاری دژ بە یەک (پێچەوانە)مان بۆ بەدیار دەکەوێت کە خۆی لە هەڵسوکەوتە جۆربەجۆرەکانی مروڤدا دەنوینێت بەوەی هۆکارەکانی ژیان و مانەوەی خۆی دابین کردووە لە لایەک و لەلایەکی تر لە پێشبرکێیەکی بەردەوامە بۆ داهێنانی ئامێری نوێی وێرانکار، ئەوەتا لەم روانگەیەدا مرۆڤ توانی خۆی بگەیەنێتە گەردوونی دەرەکی و لەکاری پێگەیاندنی خۆی بەردەوام بێت بەمەبەستی بە شارستانییەت کردنی کۆمەڵگەدا و لەهەمان کاتدا بیری خۆی تەرخان کردووە بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری



وێرانکاری بە تواناتر لە هی کۆن و موشەکە بالیستی و ئەتۆمییەکان ... گەواهیدەری ئەم راستیەن بە چاو پێخشاندنیکی خێرای لاپەڕەکانی ڕۆژگاردا ڕاستیەک زۆر بە

ڕوونی خۆی دەسەپێنی کە کوشتن هەر لە کۆنەوە بەکارێکی ئاسایی مرۆڤ لە قەڵەم دراوە وەک هەموو کارە ئاساییەکانی ڕۆژانەیداو مرۆڤیش هەستی بە کوشتن و تاوان کردووە، لە وەتەی ژیان بووە و هەستی پێ کردووەو لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە شارستانیەی کە مرۆڤایەتی بە خۆیەوە بینیوە لە گشت بوارەکانی ژیاندا، بەڵام ئەم شارستانییەتەی نەیتوانیوە سنورێک بۆ ئەم پێشێلکاریە بەردەوامانە دابنرێت کە ڕۆژانە لە میدیاکانی جیهان تۆمار دەکرێت کە خۆی لە:شەڕی وێرانکار و لەناوبردنی بەکۆمەڵ و چەندین کاری تیرۆر کە ئەنجامەکەی تەنها لە چرکەیەکدا چەندین تاوان و لەناوبردن ڕوو دەدات کە بەدەستی مروڤ دژ بە مروڤ ئەنجام دەدریت.

جینۆساید یان پاکتاوی نەژادی مێژوویەکی کۆنی هەیە بەتایبەتی لەسەردەمی هاوچەرخ، بە شێوەیەکی دیارتر لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات کە ئەوروپاییەکان کەوتنەخۆ بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دوور لە ئەوروپا بە تایبەتی لەساڵی (١٤٩٢) زاینی کە (کریسیوف کۆلۆمبس) کە کیشوەری ئەمریکای دۆزیەوە واتا هێرش بۆ سەر هەسارەی زەوی لەوێوە دەستپێدەکات لەسەر هەموو ئاستێک لەو کاتەوە شارستانیەتی خەڵکە ڕەسەنەکانی هەموو کیشوەری ئەمەریکای باکور و باشوریان سڕییەوە ئەم هێرشەش درێژەی بە زۆر شێوەی ترسناکتر وەک برسیکردن و گەمارۆی ئابووری و پشتگیریکردنی ڕژێمە دیکتاتۆری دژی گەلەکانیان و دەست خستنە ناو کاروباری ئابووری و سەربازی لە هەموو شوێنێک لە جیهاندا .

لە نێوبردنی بە کومەڵ یان ڕەشەکوژی بە جینۆساید ناوبراوە، هەر لە کۆنەوە تا ئیستا وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی ترسناک بیری زۆربەی زانایان و مرۆڤ دۆستانی سەرقاڵ کردووە بەهۆی ئەمەی کە ئەم دیاردەیە وەکو دیاردەیەکی نوێی خەتەرناک هەڕەشە لەڕێڕەو و پاشە ڕۆژی مرۆڤایەتی دەکات.

مرۆڤدۆستەکان بە گشت توێژ و کۆمەڵەکان گەواهیدەری ئەوەن کە جینۆساید وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی هەڵقوڵاوی ئەم سەدەیە نییە ونەبووە، چونکە گەڕانەوە بۆ مێژوو وا دەبینین کە لە ساڵی ٥٨٦ پ.ز پاشای بابل (نەبوخوز نەسەر) هەڵسا بە لەناوبردنی مەملەکەتی ئیسرائیل لەفەلەستین و بڵاوەی پێکردن بۆ مەملەکەتی دەوروبەر، هەروەها دوای ئەوە (دقلد یانوس)ی ئیمپراتۆر هاتە سەر تەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی ساڵی (٢٨٤ پ. ز) کە پێی پەرت بوو فەرمانی دەرکرد بە

روخاندنی کڵیساکان و سوتاندنی ئیخلییەکان و لە کارخستنی هەموو ئەو فەرمانبەرە گشتیانەی لەسەر ئاینی مەسیحن. دواتر قبتییە میدییەکان نارەزاییان دەربڕی لەم ڕواندنە زۆرداریانەی ئیمپراتۆری ناوبراو فەرمانی دەرکرد بەگرتن و لەسێدارەدانی هەموو ئەوانەی ناڕەزاییان دەربڕی بوو... زۆری لێکوشتن هەر لەبەر ئەمە کڵیساکانی قیبتی لە میسر ساڵی (٢٨٤) ز یان دانا بەسەرەتای ڕۆژمێر (تقویم) ی قیبتی کە ئەم ساڵە بوو ئیمپراتۆر (دقدیانوس) هاتە سەرتەخت و ئەم سەدەیە ناونرا بە (سەدەی شەهیدەکان).

لەساڵی ٦١٢ پ.ز بابلیەکان، قەسابخانەیەکی بە کومەڵیان بۆ ئاشوریەکان نایەوە لەشاری نەینەوا و زوربەیان قڕکرد و ڕەش کردەوەو (نەینەوا) یان تەواو خاپورو وێرانکرد، بە شێوەیەک (گەزنەفۆنی) سەرکردەی سەربازی یۆنانی لەساڵانی (٤٢٧ – ٣٣٥ پ.ز) لەدوای (٢٠٠) ساڵ بەخۆی و دە هەزار سەربازییەوە بەپێش پاشماوە و شوێنەواری نەینەوادا تێپەڕ بوو، بۆی ڕوون نەبوەتەوە کە ڕۆژێک لەڕۆژان شارێکی ئاوەدان بوو بێت .

لەگەڵ داگیرکردنی کوردستان لە لایەن عێراق، ئێران، تورکیاو، سوریا مەسەلەی کورد تاوەکو ئێستا بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوە و گەلی کورد بە دابەشکراوی بەر شالاوی دڕندانەی قڕکردنێکی سەراپاگیر کەوتووە، بەمەش مەسەلەی کورد کەوتووەتە مەترسیەوە و مێژوو کەلتور و ئابوری کوردستان شێوێندراوە. چارەسەرنەکردنی مەسەلەی کورد کار دەکاتە سەر پرۆسەی یەکێتی نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی نێگەتیڤ، بەمەش لە لایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە جینۆسایدی هەمەلایەنی بەرنامە ڕێژکراو بەرامبەر بە کوردستان جێبەجێ کراوە و دەکرێ.

سیاسەتی کوردقڕان، هەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بەرنامەی بۆ داڕێژراوەو پیادە دەکرا، ئەم وێرانکردن و کورد قران و کوشتن و بڕینە نەک هەر لە کاتی شۆرش و ڕاپەڕیندا، بەڵکو لەکاتی ئاشتی و ئارامیشدا بەرنامەیان بۆ داڕشتووە و پیادەکراوە. قڕکردنی کورد لە عێراق ساڵی ١٩٨٧– ١٩٨٨ شێوە و قوناغیکی تایبەتی بەخۆوە گرت، چونکە کاریگەرتر و ئاشکرا تربوو، تاوانەکانیش بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر زیادی کرد، هەر لەسەرەتای نیسانی ١٩٨٧ و نیشانەی سەرتاپاگیری شالاوەکان بەدیدەکرا، کە ڕێخۆشکەری شالاوە بەربلاوەکەی سالی ١٩٨٨ بوو، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ

پاکتاوکردن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد لەم ناوچەیەدا حکومەتی عێراق کومەڵێک ڕێنمای دەرکردبوو چ لەلایەن سەرکردایەتییەوە، یاخود لەلایەن ڕێکخراوی باکوری حیزبی بەعس کە ئاراستەی دامودەزگا سوپایی و ئەمنییەکان کرابوون بەئاشکرا یان بەنهێنی.

## سێ یەم: ڕایەڵەکانی لەناوبردنی بە کۆمەڵ

لێرەدا ئاماژە بەسێ ڕایەڵی گرنگ دەکەین کە ڕایەڵەکانی کوشتنی بە کۆمەڵە کە ئەمانەن:

**یەکەم**: ڕایەڵی مادی، ڕێکەتننامەی لەناوبردن ئاماژەی بەم ڕایەڵە کردووە لە هەردوو ماددەی (٢, ٣) کە پێکهاتووە لە هەرکارێک کە ئامانجی تاوانبار لەدوای ئەم کارە ئەوەیە کە کومەڵێک ئادەمیزاد لە ناوبەرێت، بەهۆی هۆکاری ڕەگەزی و ئاینی و نیشتیمانی و نەتەوایەتی لەناوبردنەکە لەوانەیە بەشێکیان یان هەموویان بگرێتەوە، بەندی دووەمی ڕێکەوتننامەکە ئاماژەی بۆ ئەو ئامرازانەی کە لەئەنجامی ڕایەڵی مادی دێتە کایەوە، بەڵام لەبەندی سێیەم لە ڕێکەوتننامەکە وێنەکانی ڕەوشتی تاوانی ڕوونکردۆتەوە، لێرەدا یەکەم جار باسی ئامرازەکانی ڕەوشتی تاوان دەکەین ئینجا باسی وێنەکانی ڕەوشتی تاوان دەکەین لە ڕایەڵی مادی لە بۆ تاوانی لەناوبردن .

١. ئامرازەکانی ڕەوشتی تاوانکردن: ڕێکەوتننامەی لەناوبردن لە بەندی دووەمی بە هەر پێنج برگەکەیەوە باسی ئامرازەکانی ڕەوشتی تاوانی کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ا. کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵەکە: ئەم برگەیە ئاماژە بە لەناوبردنی کۆمەڵێکی دەستنیشانکراو دەکات لە ڕێگەی کوشتنی تاکەکانییەوە، کوشتن واتە لەناوبردنی ڕوحی مرۆڤێکی زیندوو بەبێ هۆ، بەبێ ئەوەی ئامرازی کوشتنەکان دەستنیشان کرابێت، کوشتن دێتەکایەوە ئەویش لە ڕێگەی کوشتنی بە کۆمەڵ یان تاک لە کۆمەڵگەدا.

ب. دەستدرێژی کاریگەر لە تاکەکانی کۆمەڵێک جەستەیی بێت یان دەروونی:

ئەوەی پەیوەستە بەم برگەیەوە دوو جۆر زیانە کە توشی تاکەکانی کۆمەڵێک دەبێت، یەکەمیان زیانی جەستەیی و ئەوی تریان زیانی عەقڵییە، ئەوجۆرە زیانانەی

دەچنە پاڵ زیانی عەقڵی ڕوون نین شرۆڤەکەران وەسفی زیانی جەستەیی دەکەن و دەیبەستنەوە بەجۆرێک لە زیانی مادی، بەڵام زیانی عەقڵی بەستراوەتەوە بەچەند جارێک لە توانای عەقڵی مرۆڤ زیانی جەستەیی یان دەروونی کە تووشی تاکەکانی کۆمەڵێک دەبن دەبێت لە پلەیەکی کاریگەر بێت دەبێتە هۆی لەناوبردنی کۆمەڵەکە

ج. ملکەچکردنی کۆمەڵێک بە ئەنقەست بۆ بارودۆخێکی ژیان کە ببێتە هۆی لە ناوبردنی بەشێکیان یان هەموویان: ڕونترین نمونە بۆ ئەم جۆرە چۆڵ پێکردنی زۆرەملێیە، واتە دەرکردنی دانیشتوانی ناوچەیەک کە شوێنی باو باپیرانیان بێت و بۆ ناوچەیەکی دی یان جێگیر کردنیان لە سەربازگەی زۆرەملێ، ئەم کارە دەبێتە هۆی لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی ماددی، لیژنەی یاسایی نێودەوڵەتیش دانی بەم مەسەلەیەدا ناوە .

د. بەکارهێنانی هەندێک ئامراز کە دەبێتە هۆی زاوزێ کردنی ئەندامانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو کومەڵە.

٢. وینەکانی ڕەوشتی تاوان: ئەم کارانە دەگرێتەوە:.

ا. لەناوبردنی ڕەگەز

ب. ڕێککەوتن بە مەبەستی لەناوبردنی ڕەگەز

ج. هاندان بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بۆ لەناوبردنی ڕەگەز

د. شەرعیەتدان بە لەناوبردنی ڕەگەز.

**دووەم**: ڕایەڵی مەعنەوی: واتە نیەتی تاوان لە لای کەسێک کە دەبێتە هۆی نەهێشتنی نەوەیەک لە بووندا واتە لەناوبردنی گشتی کۆمەڵێک یان بەشێکی لەبەر هۆی ئاینی، ڕەگەزی، نەتەوەیی .

ڕایەڵی سێیەم: ڕایەڵی نێودەوڵەتی:ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر هاتوو تاوانێکی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا وەک دەستدرێژی کردنە سەر بەرژەوەندی مافێک کە یاسای نێودەوڵەتی تاوان بپارێزێت، لێرەدا ئەم ڕایەڵە بوونی بەدەست دێنێت لەو جۆرە بەرژەوەندی و مافانە کە تەعدادەکە بە دەستی دێنێت.

# بەشی دووەم: تاوانی جینۆساید لە کوردستان

## باسی یەکەم: بە عەرەبکردن و ڕاگواستنی ناوچە کوردییەکان

لە کوردستانی عێراقدا سێ کوچکەی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن سێ مەترسی گەورە بوون کە هەڕەشەی لە بوونی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد، دەکرد کە سیاسەتی شۆڤێنانە و ڕەگەز پەرستانی ڕژێمی بەعس لەسەر ئەم سێ پایە وەستابوو، ئەمەش بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کوردە لە کوردستانی عێراقدا و سڕینەوەی دوا شوێنەواری کوردستانیبوونی ئەم پارچەیەی نیشتمانە کە بە زۆر بە پێی نەخشەیەکی ئیمپریالیستیانە بە عێراقەوە لکێنراوە، ئەم سیاسەتە لە ئەنجامی بڕیارێکی سەر پێی یان تاکتیکییەوە نەهاتووە، بەڵکو بە قوڵی لەبیر و بۆچوون و لێکدانەوەی بەعسدا ڕەگی خۆی داکوتابوو دژ بە گەلی کورد.

### یەکەم: بە عەرەبکردن (تەعریب)

پرۆسەی گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەر نەتەوەیەک بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی عەرەب، بە شێوازی جۆراوجۆر جارێکیان بە فریودان و هەڵخەڵەتاندن و دەستبڕین، جارێکی تر بە پشتگوێ خستن و چاو سورکردنەوەو ترساندن و تۆقاندن و زەبرو زەنگ و لەناوبردن. کوچکەیەکی تری (سێ) کوچکەی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و بە بەعسیکردن، سیاسەتی بە عەرەبکردنی کوردستانە، کە ڕوو لە داگیرکردنی خاکی کوردستان و تواندنەوەی نەتەوەی کوردە، ڕوو لەوەیە بە شێکی کورد بەعەرەب لە قەڵەم بدا و نیشتمانی کورد بکاتە خاکی مێژووی عەرەب، تا لە لایەکەوە چەند بۆی دەلوێ کوردستانی عێراق پارچە پارچە بکات و بەعەرەب لە لایەکی تریشەوە بەشێک لە نەتەوەی کورد بکاتە عەرەب بە گۆڕینی نەخشە و دیموگرافی کوردستانی عێراق لە بیری ستراتیجی بەعسدا بەعەرەبکردنی خاکی کوردستان شوێنگەیەکی گرنگی هەیە، چونکە بەعس، عێراق بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەب دادەنێ، کوردیش بێ خاک و نیشتمانە و میوانی ئەو خاکەیە، بۆ ئەوەی عەرەب بتوانێ ئەو خاکەی گەلی کوردی لەسەرە بخاتە ژێر دەسەڵات و قەڵەم ڕەوی خۆییەوە، بەعەرەبکردنی کوردستان بەلای بەعسەوە بەکارێکی پێویست دادەنرێت .

دانیشتوانی عەرەب خەڵکی ڕەسەنی ناوچەکە نین بەڵکو کۆچەرن، لە شوێنکی ترەوە بۆ هەرێمی کوردستان هاتوون کە حکومەتی عێراق بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە هۆزە کۆچەرەکانی عەرەب ڕوولە ناوچەکە بکەن ئەمەش بە مەبەستی دەست بەسەراگرتنی خاک و نیشتمانی کورد بووە، لەبەر ئەوەی حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق هەستی بەوە کردبوو، کە کورد وڵاتەکەی بە بەشێک لە عێراق نازانێ و لەگەڵیدانییە .

لە ١٩٦٣/٧/١٠ (٤٠٠٠٠) چل هەزار کوردی دەوروبەری شاری کەرکوک دەربەدەرکران، دانیشتوانی گوندەکانی ئەو مەڵبەندە ڕاگوێزران و عەرەبی خێڵەکیان لە جێگەیان دانا، کەوتنە تەعریبکردنی ناوە کوردییەکان و سوتاندنی بێستانی خەڵکەکە و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانیان

لە ئاداری ١٩٧٥ لە دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر کە حکومەتی عێراق ئەو هەلومەرجەی بەهەلزانی گوندی دیکەی کوردان زیاتر کاولبکات و عەرەبیان لە جێگا نیشتەجێ بکات تەنیا لەوساڵەدا (١٢٦٦) گوند تێکدراو خەڵکەکەی ڕەوانەی باشور کرد، هەروەها دوای گواستنەوەی کوردەکان بۆ شوێنی دیکە یان بۆ خوارووی عێراق ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەری عەرەب لەفەرمانگەکاندا دامەزرا .

دابەشکردنی قۆناغەکانی بەعەرەبکردن لە کوردستاندا بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. قۆناغی یەکەم: لە رۆژگاری والی عوسمانی لە بەغداد مەدحت پاشا لە ساڵی ١٨٦٩ – ١٩١٤ دەستپێدەکات.

٢. قۆناغی دووەم: لەساڵی ١٩٢٥ – ١٩٥٨ لەو ڕۆژەوەی کوردستانی باشور بەخشرا بە عێراق.

٣. قۆناغی سێیەم: لەساڵی ١٩٥٨ – ١٩٦٣ – ١٩٧٥.

٤. قۆناغی چوارەم: لەساڵی ١٩٦٣ – ١٩٨٥، بەردەوامە ترسناکترین قۆناغە.

لە شاری کەرکوک سەرباری رووخاندنی هەزاران ماڵی کورد و دەربەدەرکردنی خەڵکەکەی، بە پشتێنەیەکی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار لە دواکەوتوترین ماڵە عەرەب بە رەبایە و ئۆردوگای سەربازی ئابڵوقە دراوە، تێکرای سەرژمێری ئەو عەرەبە نیشتەجێکراوانە دەگاتە نزیکەی (١٠٠٨٠) کەس، زۆربەشیان کەسانی سەر بە رژێمن و دژ بە کورد پەروەردە کراون بەمەش تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ بەهۆی

سیاسـەتی ڕاگواسـتن و وێران کـردنـەوە زیـاتر لـە (٤٨٨ ,٤٢ کم٢ ) واتە (٤١، ٤٪ )ی خاکی کوردستانی عێراق تەعریبکراوە .

## دووەم: ڕاگـواسـتـن:

هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزاد لەسەر زەوی دیاردەی کۆچکردن و گواستنەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەبووە واتە دیاردەیەکی زۆر کۆنە کە بۆ مەبەستی تایبەت و لەبەر هۆکاری جیاجیا لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر کۆچیان کردووە ئەو شێوە کۆچکردنە و لەو سەردەمانەدا بۆ پەیداکردنی پێداویستییەکانی ژیان یان لەبەر ڕووداوە سروشتییەکان بووە، پاشان لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئادەمیزاد و نیشتەجێبوونیان بە شێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ لێرە و لەوێ ئینجا دیاردەی داگیرکردنی شوێنی کۆمەڵە بێهزەکان لە لایەن کۆمەڵەی بەهێزتر لە خۆیان و دەرکردنیان سەریهەڵدا.

بەم شێوەیە دەرکردن و ڕاگواستن بەشێوەی جیاجیا لە قۆناغەکانی دواتر و بەتایبەت لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتدا هەر بەردەوام بووە. راگواستنی بە زۆرەملێ، ڕاگواستنی خەڵکە بۆ جێگایەک و نیشتەجێ بونیان لەو جێگایە بێئەوەی خۆیان ئارەزووی ئەو جێگایە بکەن ئەمەش دیارەیەکی تازە نییە بەنیسبەت گەلی کوردەوە بە درێژایی مێژوو ئەم ڕاگواستنە هەبووە هەر لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی .

هەروەها وەک وتمان کە مێژوی ڕاگواستن دیاردەیەکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی ماوەی فەرمانڕەوایی ئەمەوییەکان بە تایبەتی لە سەردەمی (عەبدولمەلیک ئیبن مەروان) و هەروەها لەسەردەمی حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی والی عێراق، کۆمەڵێک (اجرائات) ڕێوشوێنی بە ئامانجی پاراستنی یەکێتی دەوڵەتی ئیسلامی گرتۆتەبەر .

دیارە لەوڵاتانی دنیادا دوو جۆر یان دووشێوەی ڕاگواستن بەرچاو دەکەوێ بە مەبەستی کۆکردنەوەی گوند و لادێکان.

یەکێکیان: کۆکردنەوەی ئەو کەند و لادێیانەی بە مەبەستێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانیەتی یا مرۆڤ و زەوی بەجۆرێ کارلێک بکەن هەم بە باشترین شێوە زەوی رەنێو بێهنرێ و هەم بەرزترین ئاستی گوزارش دابیبکرێ واتە ڕاگواستن شێوەکانی

ئارەزوومەندانە بە خۆوە دەگرێ کە لە پێناوی پەرەپێدانی ناوچە دواکەتووەکان گشت وڵاتەکەدایە، بەڵام لێرەشدا چەند فاکتەرێک رۆڵی خۆیان دەگێڕن.

١. دەبێ گوندنشینەکان رۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی پەرەپێدانی لادێدا بگێڕن.

٢. دەبێ دەستێوەردانی حکومەت لەسەر داخوازی خەلک بێ، نەک بە پێچەوانەشەوە.

٣. دەبێ توخمە بنچینەییەکان پەرەپێدانی هی هەمان ناوچەبن.

واتە کۆکردنەوە و گردکردنەوەی گوند و لادێکان دەبێ لە شوێنێک بێ نزیک بە زەوی و زار و مەزراکانیان بێ، جۆری خانووبەرە و ژیانیشیان لەگەڵ ئاستی گەشەکردنیان و سایکۆلۆژی خەڵکەکەدا بگونجێ بۆ ئەوەی لە پرسەی پەرەپێدانی گشت وڵات و زیادکردنی داهاتی نەتەوەیدا رۆلێکی بەرچاو گرنگیان هەبێت و پەیتا پەیتا هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی گشتی ژیانیان بدرێ.

**دووەمیـــان**: ڕاگواستنی زۆرەملێیە کە ڕژێمە داگیرکەرە کۆلۆنیالیست و زەوتکەرەکانی مافی مرۆڤایەتی دژی گەلانی رزگاریخواز بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی:

* دانشتوانی ناوچە جۆراوجۆر و گرنگەکان لە هێزە شۆرشگێرەکان چەکدارەکان دوور بخەنەوە لە شوێنێکدا کۆیانبکەنەوە کە لە شێوەی گرتوخانەدایە، تا هەمیشە لە ژێر کۆنترۆلی دامودەزگادا داپڵۆسێنەرەکانیاندا بمێنێتەوە.

* لەبواری بەرهەمهێنان دوریان بخەنەوە و بیانکەنە هێزێکی بەرخۆر.

* لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی لە دەرفەتی شیاو و گونجاودا چەکداریان بکەن و بەگژ شۆڕشگێڕەکانیان دابکەنەوە.

ئاشکرایە کە ڕاگواستنی گوند و لادێکانی کوردستان بۆ جۆری دووەمی ڕاگواستنەوەکە دەگەڕێتەوە، جوتیاری کوردی لە رەگ و ریشەی هەڵکەندراو دەنێردرانە ئۆردوگای ژێر دەسەڵاتی حکومەت بە درێژایی رێگاوبانە سەرەکییەکان، خەڵکی خێڵەکانی عەرەبیش لە باشوری عیراقەوە بەیارمەتیدان و سود بەخشینی حکومەت بۆ نیشتەجێکردنیان دەمیان چەور دەکرا و دەخرانە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی بگوێزرێتەوە بۆ باکور بەشێکی زۆریش لە کورد بە زۆرەملێ راگوێزران بۆ ناوچە دەشتایی و چۆڵەکانی باشوری عیراق.

ساڵی ١٩٧٥ لە دوای هەرەسهێنانی بزوتنەوەی کوردی بە کۆمەل ڕاگواستنی خەلکی

کوردستان بەرەو خواروی عیراق دەستیپێکرد (٢٠٠٠٠) بیست هەزار کورد بەزیل و لۆری ڕەوانە کران هەروەکو لە مانگی (١١)ی ١٩٧٥ دا کۆمەڵەی پشتگیریکردنی گەلانی چەوساوە لە ئەڵمانیا (گویتنگ) لەگەڵ کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە هۆڵەندا رایانگەیاند ژمارەی راگوێزراوان گەیشتووەتە (٢٠٠٠٠٠) دووسەد هەزار کەس و (١١٦) سەدو شانزە گوند وێرانکراون (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار کوردی یەزیدیش لە سنجار راگوێزراون.

## سێیەم: وێـــرانکـــردنـــی گـــونـدەکـــان

پێنج رۆژ پاش هێرشە کیمیاییەکەی دۆلی بالیسان، هێزەکانی پیادە و بلدۆزەر چوون بۆ کاولکردنی سەدان لە گوندەکانی کوردستان، بەلایەنی کەمەوە (٣ ,٧) گوند لە هێرشی ١٩٨٧ دا لە نەخشەدا نەهێشتبوو لەمانە (٢١٩) گوند لە ناوچەی هەولێر (١٢٢) لە دەشتە پر گردۆڵکەکانی ناسراو بە گەرمیان لەباشوری رۆژهەڵاتی کەرکوک و (٣٢٠) لە ناوچە هەمەجۆرەکانی پارێزگای سلێمانی. بادینانیش هەروەها لێیدرا، هەر چەندە بە درندەیەکی کەمترەوە بوو. کۆمەڵەی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کوردستان (kurds) کە دەزگایەکی خزمەتگوازاری خۆجێیە (٥٠) گوندی لیست کردووە کە لەپارێزگای دهۆکدا وێران کراون، زۆربەی ئەو گوندانە قۆناغی یەکەم و دووەمی شاڵاوەکەی (عەلی حەسەن مەجید) ناسراو بە علی کیمیایی روخێنرا، کەوتبونە رێگە سەرەکییەکانی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتەوە، نەهێشتنیان کاریگەریەکی ماددی هەبوو کە زیانی بە ناوچە دێهاتییەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە دەگەیاند ئەمەش پێویستی بە هێز و دەسەڵاتێکی بەربڵاو زۆر هەبوو لەلایەن حکومەتەوە بۆ وێرانکاریەکی لەم چەشنە دەبوو دەوڵەتی عێراق کەرەسەیەکی ئێجگار زۆر بۆ وێرانکردنێکی لەسەر ئەم مەودایە بەکاربهێنێ لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازی گرنگ هەبوو لەنێوان گوند ڕامالینەکانی بەهاری ١٩٨٧ و شاڵاوی ئەنفالی ساڵی دواییدا، گرنگترینی ئەمانە پەیوەندی هەبوو بە چارەسەرکردنی دانیشتوانەکانی ئەو گوندانەی کە سوپا کاولیکردبوو، ئەگەرچی هێرشەکەی ١٩٨٧ ئەلتەرناتیڤێکی لەبەر چاوی پێدابوون هەرچەندە تاڵیش بووبێت بەڵام ئەنفال ئەوەشی نەدانێ گوندنشینەکان لەرووی مادیەوە زەرەرمەند نەبوون و هەندێ قەرەبووی ڕەمزییان پێدەدرا هەرچەندە لەوانەیە

ئەوەش نەدرابێت ئەگەر خێزانێک رازی نەبوایە بەوەی کە رابگوێزرێت بۆ شارۆچکەو ئۆردوگاکان هەندێ جاریش ئاگادار کردنەوەی پێشەکی نییەتی ڕژێم رادەگەیەنرا بۆ وێرانکردنی گوندەکە هەرچەندە ئەو ئاگادارکردنە پێش وەختە هەمیشە کاری پێنەئەکرا بۆ نموونە بە گوندنشیەکانی گوندی قشراغی کۆن، لە ناحیەی قادر کەرەمی گەرمیانیان راگەیاندبوو، کە پانزە رۆژیان ماوە هەیە بۆ چۆڵکردنی گوندەکە، لە ڕاستیدا پێش بەسەرچوونی دوا مۆڵەت سوپا خۆی کردبوو بەناو گوندەکەداو ماڵەکانیان لەگەڵ زەوی تەختکردبوو پیاوێکی خەڵکی ئەو گوندە گێڕایەوە: لە ئەپرێلی ١٩٨٧ هێزەکانی سوپا کشانە ناو ناوچەکە و خێڵی زەنگەنەی کوردی تیادا دەژیا دەستیانکرد بە تەختکردنی بە بلدۆزەر و تەقاندنەوەی ٧٠ بۆ ١٠٠ گوندی سەر رێگا سەرەکییەکە کە سەر بەسێ ناحیەی نزیک بەیەک بوون قادر کەرەم، قەرەحەسەن، قەرەهەنجیر، زۆر لە گوندنشیەکان خرابوونە بەردەم هەڵبژاردنێکی سنورداروە لە لایەن سەربازەکان یان جاشەکانەوە برۆن بۆ لای تێکدەرەکان، یان وەرن بۆ لای حکومەت، ئەمە ئەو پەیامەبوو کە درابوو بە گوندێکی خێڵی جەباری لە قادر کەرەم، رێگە بەهیچ بێلایەنێک نەئەدرا و لەو کاتەش بەدواوە شوێنی بوونی هەموو کەسێک بە بەڵگەی ئینتیمای سیاسی دائەنرا، هاتنەوە بۆلای حکومەت بە گەڕانەوەی بۆ ریزی نیشتمانی باسدەکرا ئەمەش رستەیەکە بەدوو بارەکردنەوەیەکی زۆرەوە لەسەرەتای ١٩٨٧ و بەردەوام لەناو دۆکیۆمێنتە رەسمیەکاندا دەردەکەوێت. وەفای سیاسی پێشتر هیچ پەیوەندیدار نەبوو بەم نەخشە تازەیەی هێڵەکانی شەڕەوە، قەبارەی چارەسەر کردنەکەش هەر بەوشێوەیە بوو، لەماوەی هێرشەکەی ١٩٨٧ دا، چەندین ناحیەی لە دانیشتوانەکانیان پاککرانەوە، یان وێرانکران یان پاککردنەوەو وێران کردن پێکەوە کران لەوانە، نەوجول، قەرەداخ، قەرەهەنجیر، کۆکس و سەنگاو، لەمانگی سێپتەمبەردا ناحیەی شوانیشیان بە دوادا هات لەپارێزگای دهۆک، لە باکور ناحیەکانی ماسی چۆڵکرا و وێرانکران دیار بوو لە تۆڵەی ئەو دەست بەسەراگرتنە شەش رۆژەی هێزی (پ. د. ک) بوو هەندێ لەم ناحیانە شارۆچکەی چەند هەزار کەسی بوون.

## باسی دووەم: (کیمیابارانی هەڵەبجە)

دروستبونی هەڵەبجە لەڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵەکانی ١٦٥٠ز، خێڵەکانی (جاف) هاتوون لەم سنورە نیشتەجێبوون لەدەشتی شارەزووردا پاشان وردە وردە ئەم شوێنەی هەڵەبجە بە هۆی ئاوداری خۆشی شوێنەکەیەوە کە دەڕوانێت بەسەر دەشتی شارەزووردا زیاتر ئاوەدان بۆتەوە سەرەتا تەنها (خێڵەکانی جاف)ی تێدابووە و مەرکەزی ئاوەدانی شارەزوور بووە پاشان خەڵکی تر هاتوون پاڵیانداوە بەهۆزەکانی (جاف) ەوە زیاتر ئاوەدان بۆتەوە .

هەڵەبجە شارۆچکەیەکی کوردنیشنی قەرەباڵغ و بازارێکی بازرگانی گەرمی هەبوو ژمارەیەک دامودەزگای حکومەتیشی نێرابوو ژمارەی دانیشتوانی هەڵەبجە لەبەر



ئەوەی دێهاتیشی زۆری بۆ راگوێزرابوو گەلێ زیادی کردبوو لە نێوان (٤٠-٦٠) هەزار کەس یان زیاتر بوون.

سەبارەت بە هێرشی کیمیایی بۆ سەر هەڵەبجە، لەپاش ئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناچار بوو کە بەرەیەکی دووەم بکاتەوە بە پاڵ پشتی هێزی سەربازی ئێران، پێشمەرگە هەڵەبجەیان هەڵبژارد کە چەند میلێک لە سنورەوە وەک چاوبەستییەک بۆ کشانەوەی هێزەکانی هەر لەبەر ئەوەش هەردوولا رێکەوتن لەسەر ئەوەی بە هاوبەشی هێرش بکەنە سەر هەڵەبجە و دەوروبەری و شار پاک بکرێتەوە لە رژێمی عێراق بۆیە هەردوولا بە یارمەتی حیزبە کوردستانییەکان وەک (پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان، بزوتنەوەی ئیسلامی) توانیان هێرشێکی چرو پر بکەنە سەر رەبایە و مۆڵگەکانی حکومەتی عیراقی و لە

هەموو لایەکەوە سوپای عێراقی لە ناوچەکانی خۆیان دەکشانەوە.

بۆیە رۆژی ١٩٨٨/٣/١٥ شارەکە بە تەواوەتی کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێرانەوە هەر لەهەمان رۆژدا پردی زەڵم کە تاکە رێگە بوو هەڵەبجە بە شارەکانی ترەوە دەبەستێتەوە، لەلایەن هێزی پیشمەرگەوە گیرا و تەقێنرایەوە، بۆیە ئیتر هێزی عیراقی نەیتوانی پیادەی بهێنێت بۆ ناوچەکە رۆژی (١٥)ی مانگ شار ئازاد کراو هەوای ئازادی هەڵمژێ .

لەشەوی ١٥ /١٦ ی/ ١٩٨٨/٣ بۆردومانی تۆپ و راجیمەی دوور هاوێژ بۆ ناو شار دەستی پێکرد، بەهەمان شێوەش لەسنورەکانی ئێرانەوە و وەڵامدەدرانەوە بە تۆپخانەی دوورهاوێژ چەند جارێکیش فرۆکەی هلیکۆپتەر و جەنگی هەڵدەستان بەسەر ناوچەکەدا و دەسوڕانەوە و تۆڕی ڕوناکیان هەڵدەدا بەسەر رێگا و بانەکان وەک رۆژ رووناکیان دەکردەوە خەڵێکێکی زۆر لە رۆژانی پێشوتر شاریان بە جێهشتبو چووبونە دەرەوەی شار سەر لەبەیانی رۆژی ٣/١٦ دا بەهەمان شێوە خەڵکی بەردەوام بوون لەسەر چۆل کردنی شار، بەڵام لەسەعات (١١) ی پێش نیوەرۆ لە ناکاو حەوت فرۆکەی جەنگی رژێمی عیراق هاتنە سەر شارو بە رۆکێت و ناپاڵم گەرەکی سەرایان بۆردومانکرد، کە ژمارەیەک خەڵکی تیادا کوژرا و خانوبەرەیەکی زۆریش وێرانبوو، لەوکاتەدا ئیتر هەستکرا کە دوژمن نیازی خراپی هەیە و بەتەوای هێرشی چڕ و پڕە هەر بۆیە هێزی پێشمەرگە هەوڵیاندا کە ئەو خەڵکەی لەناو شاردا مابونەوە ئاگاداریان بکەنەوە بەدەرچوون لە شار و چۆڵکردنی بۆ ئەوەی تەنها هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێرانی تیادا بمێنێتەوە بۆ پارێزگاریکردن لە شارەکە، بەڵام خەڵێکێکی زۆر هەر لەشاردا مانەوە و لە ترسی بۆمباران خۆیان لە ژێر زەمیندا قایم کردبوو، چونکە ئەو بۆمبانەی سەعات (١١) هیچی کیمیایی نەبوو، بەڵکو تەنها تەقینەوە و بۆمبی گەورەو ناپاڵم بوو، ئیتر بە هەموو شێوەیەک بریادرا لەگەڵ خۆرئاوابوندا شار لەخەڵکی چۆڵ بکرێت بۆئەوەی سود لە تاریکی شەو وەربگرێ و فرۆکەکانی رژێم نەیانبینێت، بەردەوام فرۆکەکانی ڕژێم بەسەر ئاسمانی ناوچەکەوە بوون. بەڵام رژێم ئەو دەرفەتەی نەدا بەخەڵک بۆ خۆ رزگارکردن بۆیە هەر لە عەسری هەمان رۆژدا فرۆکەکانی رژێم زۆر بەنزمی دابەزینە سەر ئاسمانی شارو کەوتنە بۆردومان کردنی شارەکە، بەڵام ئەم بۆمبایانە لە بۆمباکانی پێشووتر نەدەچون،

چونکە ئەم بۆمبایانە کە دەیاندا بەزەویدا (تەپەیان) دەهات و دوکەڵی سپی بەرز دەبویەوە، کە دوکەڵەکەش بەرز دەبویەوە یەکسەر دادەبەزی و دەنیشتەوە بەسەر شاردا بە هێواشی بڵاودەبویەوە، لەهەمان کاتدا بۆنی سێو و سیرو گیای گەنیوی لێدەهات، بەم شێوەیە هێرشی فرۆکەکەکانی بەردەوام بوو کە هەر جارەو دەستەیەک فرۆکە دەهات و هەمووشیان بەگازی کیمیای بۆردوومانی شارەکەو دەوروبەریان دەکرد، کە هەر (چل و پێنج دەقیقە) جارێک دەستەیەک دەهاتن بۆ بۆدرومان کردن بەبەردەوامی، ئەو شەوە هەتا بەیانی بۆردومان کردن بەردەوام بوو، بۆردومانەکە تەنها بەناو شارەوە نەوەستا، بەلکو هەموو ئەو رێگاوبانانەشی گرتەوە کە خەڵکی لێوەی دەردەچوون بۆ دەرەوەی شارو بەرەو سنورەکانی ئێران وەکو رێگەی شنرویّ و رێگەی عەنەب کە لەم دوو جێگەیەشدا خەڵێکێکی زۆر تێداچوو بە هێرشی کیمیایی و فرۆکەکانی رژێم بیانزانیایە لە هەر شوێنێکەوە خەڵکی بۆ دەرەوەی شار دەردەچن، بەفرۆکە کیمیابارانی دەکردن، بۆ ئەوەی هیچ کەسێک لەشارەکەدا بەزیندویی نەچێتە دەرەوە، لەگەڵ ئەم هەموو هێرشی فرۆکەو کیمیابارانەشدا تۆپباران هەر بەردەوام بوو بۆ سەر شار، لەهەر دووبەرەی ئێران و عێراقەوە.

یەکەم بۆردومانی کیمیاباران سەعات (٥,٢٠) ی ٣/١٦ ی عەسر دەستی پێکرد تاسەر لەبەیانی رۆژی ١٩٨٨/٣/١٧ (١٤) جار فرۆکە بەدەستە ئەهاتنە سەر ناوچەکە و بەبەردەوامی بۆردومانیان دەکرد. سەرئەنجام ئەم بۆردومانە چڕە دڕاندانەبوو بەهۆی شەهیدکردنی زیاد لە پێنج هەزار شەهیدی بێتاوانی لە پیاو ژن و منداڵ و گەنج و پیری لێکەوتەوە، هەروەها برینداربوونی زیاتر لە (١٠) هەزار کەس و ئاوارەبوونی خەڵکی ناوچەکە بۆ نێو خاکی ئێران و ناوچەکانی تری وەک سلێمانی و دەوروبەری و کاولکردنی شارەکە بە تەواوی و لەناو کارەساتی کیمیاباران کردنی هەڵەبجەدا دیمەنێک کە زۆر سەرەنج راکێشە کە ئەویش دیمەنی باوک و کۆرپەیەکی بچوکە و کاتێک دیمەنی ئەو باوک و کۆرپەیە ببینی هەست بە بێتاوانی ئەو باوک و کۆرپەیە دەکەیت و هەست دەکەیت بەوەی کەوا چ تاوانێک بەرامبەر خەڵکی بێگوناهی ئەو شارە بەکارهاتووە عومەری خاوەر کە لەخێزانێکی (١٢) ئەندامی پێکهاتبوو کە (٨) کچ و (٢) کوری هەبوو ئەو دوو کورەی ساڵێک پێش کیمیاباران کردنی هەڵەبجە لەدایکببون و لەکاتی رووداوەکەدا یەکێک لە کورەکانی خۆی هەڵیدەگرێت و ئەوی

تریان خێزانەکەی، خۆی دەدات بەسەر کۆرپەکەیدا هەتا لەمردن رزگاری بکات، بەڵام ژەهری کیمیایی رێگەی پێنەدا نەخۆی نەخێزانەکەی لەناو ژەهرەکەدا دەربچن.

هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کەوا عومەری خاوەر بەهێمای هەڵەبجە دابنرێ و ئەو دەمانەی هەڵەبجە نوقمی گازی ژەهر بوو، هەزارەها کەس لە کۆڵان و شەقام و گەرەک و رێگاو بانەکانی قەراغ ئاودا خنکان، ئەم تراژیدیانە لەچاوی کامێرای کۆماری ئیسلامی ئیران و زۆر لەولاتانی تر خرایە روو، ئەوەی مایەی تێڕامانە جێی داخە دادگای نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ و هەموو ئەو دەوڵەتانەی کەچەندان هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ رێپۆرتاژی رۆژنامە نوسیان لەسەر ئەم کارەساتەی هەڵەبجە بە وێنەی فۆتۆگراف و کامێرای ڤیدیۆییەوە تۆمار کرد، بەڵام هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر بە



عێراق نەنواند کە لە ئاستی رووداوەکەدا بێت، تاداگیرکردنی کوێت لە لایەن عیراقەوە ئەنجامدرا ئەمجارە ولاتانی هاوپەیمانی ئابلوقەی ئابوریان خستەسەر عیراق و سوپای ولاتانی هاوپەیمانی سوپای داگیرکەری عێراقیان لە کوێت تێک شکاند .

باسی چوارەم: دادگایی کردنی تاوانباران:

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، لەژێر ناوی دادگای تایبەتی عێراق لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (CPA) لەژێر سەرپەرشتی ئەمەریکا و ئەنجومەنی حوکمی کاتی

عێراق كه لەلایەن ئەمەریكاوه پێكهێنرابوو، له كۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ دا دامەزرابوو پاشان به كردەوه له ساڵی ٢٠٠٥ دەستی بەركاركرد، دامەزراندنی دادگاكه به پرس و ڕاسپاردەی ئەنجومەنی ئاسایشی (UN) نەبوو. بەڵكو راستەوخۆ رێكەوتنێك بوو لەنێوان دەسەڵاتی هاوپەیمانان (لەژێر سەرپەرشتی ئەمەریكا) و ئەنجومەنی كاتی، بەرژەوەندییه ڕامیارییەكانی ئەمەریكا و عەرەبەكانی عێراق ئەوەی دەخواست كه دادگاكه به پێی ڕەوتێك بێت كه لەگەڵ بەرژەوەندییه ڕامیاریەكانی عێراقی دوای سەدام گونجاوه .

یەكەم دانیشتنی دادگا له كاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆی ٢٠٠٦/٨/٢١ دا دادگای باڵای تاوانەكان لەعێراق به تۆمەتی ئەنفال سەدام حسێن و عەلی حەسەن مەجید و چەند تاوانبارێكی تری ئەنجامدەری شاڵاوەكانی ئەنفالی ساڵی هەشتاو هەشتی بانگهێشتی بەردەم دادگا كرد .

ئەم دادگایی كردنه ئەگەر بەراورد بكرێت بەدادگای نۆرمبێرگ كه ماوەی (١١) مانگ و (٢٠) ڕۆژ بەردەوامبوو له ١٩٤٦/١١/٢٠ گوێبیستی (٩٦) شاهد بوون و (١٤٣) شایەتی نوسراو بینراو، لیژنەیەكی تایبەت بەلێكۆڵینەوه لەكات و حاڵەتی ڕێكخراوه تاوانبارەكان پێكهات، ئەم لیژنەیه گرێبەستی (١٠٠) شاهد بوو، لێكۆڵینەوەی له (١٠٩) نوسراو كردو چەند تەن بەڵگەی ڕێكخستن، دوای وەرگیرانی لێكۆڵینەوەی لەسەر كرا، ئەم دادگایه (٤٠٠) دانیشتنی بۆ كرا و ژمارەی پەڕەكانی لێكۆڵینەوەكەی گەیشته (١٥) هەزار پەڕە و ئەوانەی دادگاییكران (٢٢) سەركردەی نازی بوون.

بەڵام دوای ئەوەی داواكاری گشتی باسی دۆسیەی ئەنفالی كرد كەتیایدا (١٨٢٠٠٠) سەدو هەشتاو دوو هەزار كەسی لەكاتی ئەو هەڵمەتەدا گیانیان لەدەستدا كه ڕژێمی عێراقی ئەوكاته ناوی نابوو (ئەنفال) داواكاری گشتی وتی هەموو دێكان سەراپا تەختی زەوی بوون و چەند جارێك گازه ژەهراوییەكانی تێدا بەكارهێنراوه بەساڵاچوان و ئافرەتان و منداڵ توشی بارودۆخی مەترسێدار و ترسناك بوون له گرتووخانەكاندا، ئەوكارانەی ناوبرد به (بەربەری ) سەدام به تورییەوه بەرپەچی وتەكانی داواكاری گشتی دایەوه سەبارەت به دەستدرێژی كردنه سەر ئافرەتان له گرتوخانەكاندا .

شانزه تەن بەڵگەنامەی دامودەزگاكانی ڕژێم كه لەراپەرینی ١٩٩١ دا گیران و دواتر ڕەوانەی وڵاته یەگرتووەكانی ئەمریكا كران، لەوێشەوه درانه ڕێكخراوی چاودێری مافی

مرۆڤ و (میدڵ ئیست وۆچ) یش بەگەشتنی بەڵگەنامەکان کە پێنج ملێۆن لاپەڕەی هەمەلایەنە کاری لە سەریان کرد .

ئەمە جگە لە دەربەدەرکردنی (٢٠٠٠٠٠) کوردی فەیلی و بێ سەروشوێن کردنی (٨٠٠٠) بارزانی و لەسێدارەدانی چەندەها کوردی بێتاوان بێ دادگایی کردنیان.

لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێت بە بەراورد بە دادگای نۆرمبێرگدا دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال و کیمیاباران پێویستە زۆر لەوە زیاتر کاری بۆ بکرایە و بکرێت.

هەربۆیە لە دوای لەسێدارەدانی گەورەتاوانبار (سەدام حسین) و داواکردنی لەسێدارەدانی چەند تاوانبارێکی تر لەسەرو دۆسیەی ئەنفال و کیمیاباران، بەگومانەوە دەڕواندرێتە بڕیارەکانی دادگاکە و عەدالەتی یاسایی، چونکە دۆسیەی ئەنفال و کیمیبارانی هەڵەبجەو بەرزانییەکان دەشێت ئایندەی کورد و عێراقیشی لەسەر بنیاتبنرێتەوە، بۆیە لە سەرئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆیش هەوڵ بدرێت کە ڕێکخراوە لۆکاڵی و ئینتەرناسیۆنالەکان دژ بەجینۆساید کاریگەریان هەبێت لەسەر ڕێڕە و ئەنجامی عادیلانەی دادگایی کردنەکە .

سروشت و مەبەستی ئەنجامدانی تاوانی هەڵەبجە لەتاوانی ئاسایی جیاوازە، دادگای باڵای تاوانەکانیش لەم دادگایی کردنەدا یاسا ناوخویی و عێراقییەکان بەکاردەهێنن، لە دیارترینیان یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١ ی ساڵی ١٩٦٩ بەپێی ماددەی ٤٠٦ کوشتنی بەمەبەست. بەڵام تاوانی کیمبارانی هەڵەبجە سروشتێکی نێودەوڵەتی هەیە نەک ناوخۆی. بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچونەش ماددەی ٥ ی برگەی ١ لەیاسای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بنەماکانی تاوانی جینۆساید دەخاتە تایبەتمەندی خۆیەوە، هەروەها ماددەی ٦ ی برگەی دیاری دەکات کە لە هەڵەبجەدا هاتەدی .

سەبارەت بەدادگای نیشتمانی و نێودەوڵەتی هەندیک بۆ گەیاندنی دەنگ و دۆزی کورد بەجیهان و ناساندنی تاوانەکان بەدونیا و گواستنەوەی کیشەکان بۆ مەحفەلی نێودەوڵەتی پێیان وابوو دادگایی کردنی تاوانباران لە دادگای نێودەوڵەتیدا باشترە ئەنجام بدرێت. بەڵام ڕای فرەلایەن ئەوە بوو لەناوخۆدا تاوانباران دادگایی بکرێت چونکە دادگای عێراقی دەرفەتی سزای ئیعدام و توندترین سزای تێدایە بۆ تاوانباران ئەمە جگە لە سارێژ بوونی برینی خەڵکی کوردستان و عێراق..... هتد

دەرئەنجام دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق لەلایەن ڕای گشتی ناوخۆییەوە پێشوازی

یاسایی و جەماوەری لێکراو، دادگا توانی سەنگ و قورسایی خۆی بپارێزێ وەک تۆمەتبارێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ گەورە دیکتاتۆردا کرد.



**شادی غازی عەبولکەریم**

ساڵی ١٩٨٣ لە دووز لە دایکبووە، دەرچووی کۆلێژی یاسا و رامیاری بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانییە، لە دوای تەواوکردنی خوێندن، دەبێتە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی هەڵەبجە، کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، چەند کەسێکی شەهید و ئەنفالە.